# لەودیوی پە نجەرەکانەوە



چنار نامق

لەودیوی پەنجەرەکانەوە
بۆ سێبەری بالأت دەگەڕێم
ئاسمانی شین
بەفری بێگەردیم بەسەردا دەبارێنیٚ
ئاسمانی چاوی تۆ عیشقی لێدەبارێت
کەپەیکەرت بەڕوومدا دێت
هەڵدێم ئازیز
نەبا دیسان
نیگات ڕێژنە بارانم کا
لێم گەڕیٚ با لەپاش هەڵوەرین بپشکوێم
پاش گیانەلاٚ وەختە زیندوو دەبمەوە
عیشقم چنارێکی رووتی بیٚ سێبەرە
نسییە بۆ روحی شەکەت وماندووم ناکات
لەیەکەم ودوا وتەمدا
دەبوو بڵێم خۆشم دەوێی ...
کەوەرزێکیت لەوەرینی گەلاٚی
درەختەکانی ناخم بێئاگا
بۆ بەشوێنما دەگوزەرێیت
لەنیگەرانی و بێزارییم دڵگیر مەبە
من نەوازش بەسەر هەسارەیەك ناکەم
لەدڵما خۆی چیٚ کردووە
تۆوی عیشقێکی ئەبەدی ناشۆمەوە
لەناخمدا ڕواوە و چرۆی کردووە

کەبەئاسماندا هەڵدەفرم
مەلی عیشقی تۆی لێ نییە
نامۆترم لەو بێچووەی
ڕەوە مەلێك جێیدەهێڵێت
تەنهاترم لەو ئەستێرەی
لەهەسارەکان دادەبڕێت
لەساتە خەمبارەکانی وەڕس بوونم دڵگیرمەبە
بە وڵاتێك ناڵێم غوربەت
لەئامێزیا خۆم گرتەوە